# (پەرێزی ناسیۆنالیزم و سەلەفیەتی یەکێتی )

**ناڵە حەسەن**

**گومان لەوەدا نیە یەکێك لەو فاکتەرانەی کە بووە هۆی کیمیا باران کردنی‌شاری هەلەبجە لەلایەن رژێمی بەعسی فاشیستەوە / هێنانی پاسدارانی جمهوری ئیسلامی بوو، لە لایەن یەکێتی‌یەوە. بۆ نێو هەڵەبجە و ئەو دیوەی کوردستانی عێراق.ئیدی ئەمە مێژووە نەبابایەکی وەکوو (سەلام عەبدولا ) نە هیچ قەلەم فرۆشێك ناتوانن ئەم راستییە بشارنەوە، بە خۆڵ کردنە چاوی خەڵك پەرێزی پر لە سات و سەودای ناسیۆنالیستەکان پاك نابێتەوەو رووی تەرەسەکەی بەغداش بە هیچ کەسێك سپی نابێتەوە. وە هیچ کەسێکیش ناتوانێ نکوڵی لە راستی‌یەکانی مێژوو بکات. ئاخر پەرێزی ناسیۆنالیزم بەچی پاك دەبێتەوە..؟ کە ساڵەهایەکی دوور و درێژ لە شاخەکانەوە هەزاران مرۆڤی‌دل ٚپرلە هیوایئەم میللەتەیان بە کوشتندا لە رێی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان، کەچی پاش راپەرینە جەماوەرییەکەی 1991 کە وورەی شۆرشگێرانە و ئومێدی مرۆڤەکان لەوپەری دابوو. سەرانی ناسیۆنالیزم بە پەلە خۆیان گەیاندە بەغدا و روومەتەکانی سەدامی دیکتاتۆریان ماچ کرد...! پاش ماوەیەك بەردەوام بوون لە دەسەڵات و حکومەتە کارتۆنەکەیان شەرێکیان لە نێوان خۆیان نایەوە ئەو سەری دیار نەبوو. کام رژێمی درندە و داگیرکەری کورد نەما بە پێش خۆیانی نەدەن و نەیهێنن بۆ تۆپباران کردنی کوردستان. ئەوەتا لە ڤیستیڤاڵی یادی هەڵەبجەی ئەمسالدا بۆ تەنها دێرێك جورئەتی ئەوەیان نەبووە ناوی سەدام حوسەین بهێنن و ئەم تاوانە بیٚ وێنەیەی بخەنە پال. یەکێتی ئێستا رەمزی سەلەفیەت و کۆنەپەرستیە لە کوردستاندا بەدوای ئەوەی لە هەموو روویێکەوە بە تایبەتی لە شەرو ململانێەکەی لە گەل پارتی دا بە شکست گەیشت. ئیدی هەموو دەرگاکانی بە روودا داخراو، تەنها ئەوەی بۆ ماوەتەوە خۆی بە ردێنی ئایەتوللاکانی جمهوری ئیسلامی شۆربکاتەوە...!. ئەوەتا ئەویش لە ووتارەکەی یادی هەڵەبجەی دا خۆی لە راستی مەسەلەکان گێل دەکات و دێت ماستاو بۆ جمهوری ئیسلامی و گرووپە تیرۆریستیەکانی ئیسلامی‌یە سیاسیەکان سارد دەکاتەوە و باس لە موقەدەسات و هێرشکردنە سەر موقەدەساتی خەڵك دەکات...! ئەوەیە دەڵێن (کەر لە کویٚ کەوتووە و کوندە لە کویٚ دراوە..!!) . من زۆر پێم سەیرە یەکێتی باس لە موقەدەساتی خەڵك دەکات. چونکە موقەدەسات لە فەرهەنگ و بەرنامەی یەکێتی‌یەکان دا مانایەکی نیە. وە یەکێتی و موقەدەسات....دوو شتی زۆر جیاواز و دوورن لە یەکتری.چ شتێك ماوە بەرامبەر بە خەلکی نەکات. لەلای یەکێتی نە ژیان و گوزەران و ئەمنیەتی خەڵك، نە ئایندەی خەڵك، نە سەربەخۆیی کوردستان، نە مافە فەردی و کۆمەڵایەتیەکان، نە ئازادی بیرورا و رادەربرین، نە پێشکەوتن و تەکنەلۆژیا... ئەمانە هیچی موقەدەس نین. بە خاتری دلٚ راگرتنی جمهوری ئیسلامی و گرووپە**

ئیسلامیه سیاسیەکان تەنها دین موقەدەسە و بەس...! لە لای یەکێتییەکان سەربەخۆیی کوردستان و چارەنووسی کۆمەلگەی کوردستان بە کویَ دەگات و چۆن پێشێل دەکریَ گرنگ نیە ئەمانە موقەدەس و پیرۆز نین و هیچ خوێنیان لەسەرنەرژاوە...! بەلام کەس بۆی نیە هێرش بکاتە سەر دینی پیرۆزی ئیسلامە سیاسیەکان...! کە ئەمرۆ بۆتە جێگەی پر شەرمەزارترین و سەرەکیترین فاکتەری تیرۆر و ئیرهاب لە ئاستی دنیادا.ئێستا ئەگەر لە (جەلال تاڵەبانی) بپرسی/ کەرکوك (قودس) ەکەی کوردستان چی بە سەر هات..؟ باشە دەبێت وەڵامی چی بێت...! لەوانەیە لە وەلام دا بڵێت / کەرکوك و هەموو کوردستان و هەموو وادە و بەڵێنەکانم، هەموو دروشم و بەرنامەکانم (بە قوربان یەك پارچەیی خاکی عێراق دەکەم) ...! ئەم هات و هاوارەی ناسیۆنالیستەکان و یەکێتی شتێك نیە جگە لە مەلە کردن نەبێت لە نێو زەلکاوی کۆنەپەرستیدا و بیَ ئاسۆیی لە بەرامبەر ئایندە و ئەو سەرگەردانیە سیاسیەی کە ساڵەهایە تیَیکەوتوون. ئەوەتا یەکێتی بەم دەهۆڵە دراوەی کە باس لە موقەدەساتی خەلك دەکات هەر لەم ماوەی رابووردوودا لە ژێر دەسەلاتەکەی خۆیدا، لووتی کچێك و گویَی کورێکیان بریوە کە ناوەکانیان (حەفسە مستەفا حەسەن و مستەفا حەمە حەیدەر) بوون هەموو تاوانەکەیان ئەوە بووە کە یەکتریان خۆشویستووەو دڵخوازی یەکتری بووینە. ئاخر ئەمە حەقارەتترین و سوکایەتیترین رەفتاری کۆنەپەرستانە و وەحشیانە نیە بەرامبەر بە مرۆڤەکان...! یان لە گوندی خێلی حەمە خێزانێکی هەژار بە دەستی چەتەکانی ئیسلامیە سیاسیەکان ئەنفال کراون. یان هەر لەم ماوەیەدا (د. فەرهاد پیربال) ی نووسەر لەسەر نووسینی رۆمانێك بە نێوی (مولازم تەحسین و شتی تریش) لە لایەن یەکێتییەوە دراوەتە دادگا و رووبەڕووی مەترسی و راوە دوونان بۆتەوە.

پرسیار ئەوەیە ئایا رابەرانی کۆمۆنیزم و (حەمە سەعید) ی نووسەر دەیانەویَ رووی تەرەسەکەی بەغدا سپی بکەنەوە...یان حیزبە دەسەلاتدارە ناسیۆنالیستەکانی کورد و سەرکردەکانیان...؟ ماهیەت و جێگەورێکەی ناسیۆنالیزم زۆر رۆشنە. هەموو مێژووی خەباتیان سوورانەوە بووە لە نێو بازنەی (شەر، مفاوەزات، چاوەروانی، دیسانەوە شەر) و دەست پێکردنەوەی هەمان پرۆسە..........! وە ئەم کۆچرەوە بە کۆمەڵەی خەڵکی کورد بۆ دەرەوەی وولات راشکاوانەترین و واقعیترین وەڵامی خەڵکە بە حیزبە دەسەڵاتدارەکان و حکومەتەکانیان. من پێم وایە ئەگەر هێندەی سەرە نووکە دەرزییەك خەڵك لە ژیان و ئایندەی خۆیان دڵنیا بووان پێم وا نەدەبوو قەبارەی ئەم کۆچکردنە بۆ دەرەوەی وولات هێندە گەورە بووایە.ئیدی هەر ئەوە ماوە بڵێم... چۆن بە هیچ نووسینێك و قەڵەمێك و کەسانێك و لایەنێك رووی سەدامی فاشیست و دیکتاتۆر و مرۆڤکوژ سپی نابێتەوە، بە هەمان ئەندازەش هیچ قەڵەمێکی شر و هیچ بابایەکی سەیروسەمەرەش ناتوانن پەرێزی پر لە خۆفرۆشتن و ساتوسەودا کردنی ناسیۆنالیزمەکان پاك بکەنەوە...!

کەنەدا - 2002/3/25